

## سامان عومەر:

# لەهەر وڵاتێك بم دەنگدەدەم

بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی هونەریی لەئەورووپا، سەرلەبەیانی دوێنێ هونەرمەند سامان عومەر بەرەو دەرەوەی هەرێم بەرێکەوت، لەم گەشتە هونەرییەیدا کەبریارە چەندین کۆنسێرت لەوڵاتانی ئەڵمانیاو سویدو هۆڵەندا ئەنجامبداٌت و یەکەم کۆنسێرتیشی بکەوێتە شەوی سەری ساڵەوە، لەم سەردانەیدا کەسێ مانگ دەخایەنێت، بریارە هونەرمەند سامان عومەر چەند کۆنسێرتێکیش لەکوردستانی ئێران بکات، جگە لەوەش کلیپ بۆ یەکێك لەگۆرانییەکانی ئەلبوومی (من وەك تۆ نیم) بکات و وەك دیارییەك پێشکەشی خەڵکی کوردستانی بکات، جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کەسامان عومەر ساڵی پاریش بانگهێشتی ئەورووپا کراو چەندین کۆنسێرتی لەبەریتانیا رێکخست، بۆ بەئاگابوونیش لەچالاکییەکانی دەتوانن سەردانی ماڵپەرێ (www.samanomer.com) بکەن.

سەبارەت بەدەنگدانەکەی (١٥/١٢)، هونەرمەند وتی: بەداخەوە کە لەم دەنگدانەدا بەهۆی ئەم گەشتەمەوە ناتوانم لەهەرێمی کوردستان دەنگبدەم، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەهەر وڵاتێك بم دەنگ دەدەم، چونکە لەگەڵ گلەییم لەهەردوو ئیدارەکە کەدەبوو لەوە باشتربن کەئێستا هەن، بەڵام دەنگدانم بۆ کورد پێباشترو چارەنووسسازترە لەگلەییەکانم بەتایبەتیش مادام کورد گەیشتۆتە ئاستی سەرۆکایەتی و سەرۆکایەتی دادگاییکردنی سەدام و بەعسییەکان.

**یونس**